# هەرگیز پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە دەستەکانی لە هیچ شتێکی نەداوە، ونە ئافرەت ونە خزمەتکار، مەگەر لە جیهاد کردندا بێت لە پێناو خوای گەورە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هەرگیز پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە دەستەکانی لە هیچ شتێکی نەداوە، ونە ئافرەت ونە خزمەتکار، مەگەر لە جیهاد کردندا بێت لە پێناو خوای گەورە، هەرگیز تۆڵەی نەدەکردەوە بۆ نەفسی خۆی بەرامبەر ئەو کەسەی (کە ئازاری داوە)؛ مەگەر سەرپێچی سنوورێکی خوای گەورە کرابێت، بۆیە لە پێناو خوای گەورە تۆڵەی دەسەندەوە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە ڕەوشت جوانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو کە هەرگیز لە هیچ ئافرەتێک یان خزمەتکارێکی نەداوە، وهەروەها تەنانەت لە ئاژەڵ وهیچ شتێکی تریشی نەداوە، چونکە خووی خەڵکی بەو شێوەیە بوو لەو سەردەمەدا لە ئەمانە بدەن، ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ئافرەت وخزمەتکاری نەدابێت ئەوا بێگومان لە هیچ شتێکی تریشی نەداوە، مەگەر لە کاتی جیهاد کردن بێت لە پێناو خوای گەورە بۆ سەرخستنی وشەی خوای گەورە (سەرخستنی ئیسلام)، وئەگەر کەسێک شتێکی بەرامبەر بکردایە ئەوا هەرگیز تۆڵەی لێنەدەکردەوە، بەڵکو لێبووردە بوو وئارامگر بوو بەرامبەریان، مەگەر سەرپێچی سنوورێکی خوای گەورە بکرایە (حەرامێک بکرایە) ؛ هەرگیز ڕازی نەدەبوو بۆیە لە پێناو خوای گەورە تۆڵەی دەسەندەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6391